# ڕاناوی "من" و "من"ی شیعریی

**من** ئەو ڕاناوە سادە و ڕۆژانەیەیە کە هەموومان بۆ پێناساندنی خۆمان بەکاری ئەهێنین، بەڵام منی شیعری زۆر جیاوازترە لەو منە گشتییەی لەلایەن هەمووانەوە بەکاردێت، لێرەدا مەبەستم "من"ی شاعیریش نییە وەک بەرزە ئینسان و پیشاندانی دەسەڵات. بەڵکە مەبەست لەو مانا بزێو و نەگیرانەیە کە ئەکەونە ناو سیاقی شیعرییەوە.

منی شیعریی، خۆی لە هەموو منەکانی تر جیائەکاتەوە، ئەگەرچی ئەکرێت زۆرینەی منەکانی تر لەکاتی خوێندنەوەدا خۆیانی تیادا ببیننەوە، بەڵام منی شاعیر، منێکە تەنها هی خودی شاعیر خۆیەتی. لێرەدا مەبەستم بەراوردکردنی منی شیعریی شاعیر و منی ژیانی شاعیریش نییە، کە ئەکرێت لەم ڕووەشەوە زۆر لە یەکتری جیاوازبن.

منی شیعریی، واتا ئەو منەی کە تەنها خودی ئەو ئەتوانێت پێناسەی بکات و باسی بکات، چونکە کەسی تر توانای کەشفکردنی نییە، تەنها لەبەشێکی خوێندنەوەی ڕەخنەیدا نەبێت.
منی شیعریی، تەنها منی شاعیر، واتا خودی خۆم ئەتوانم وێنەی بکێشم، گوزارشت لە بەشێکی، یان لە ساتێکی تایبەتدا گوزارشت لە کۆی ئەو منە بکەم، کە هەرگیز ناتوانێت ببێت بە منێکی نەگۆڕ و دەست لێ نەدراو. جیاوازی منی شیعریی و منی گشتی، لەوەدایە ئەکرێت هەر یەک لەو منە گشتیانە تەعریفێکی کۆتاییان بۆ خۆیان هەبێت، بەڵام منی شیعریی هەرگیز تەعریفێکی هەمیشەیی و کۆتایی بۆ خۆی نییە، چونکە ئەو منە بەشێکی لە ناو ئەو شوناسە بزێو و هەمەڕەنگەدایە کە هەرگیز ناتوانێت ببێت بە منێکی کامڵ و تەواو بوو.

تێگەیشتن لە "من"، بێ تێگەیشتن لە ماناکانی فەردانیەتی شاعیر و خەونە تاکگەراییەکەی تاڕادەیەک قورس و سەرابییە، چونکە هیچ منێکی تر ناتوانێت باس لە خودی ئەو منەی شاعیر بکات خۆی نەبێت، وەک وتم لە خوێندنەوەی ڕەخنەیدا ئەکرێت درک بە قەبارە و

جیاوازی ئەو منە لەگەڵ منەکانی تردا بکرێت، بەڵام ناتوانرێت بگیرێت، بەتایبەتی کاتێک ئەو منە لە ڕێگای ماناکانەوە نایەوێت باس لە منێکی کۆ بکات، بۆیە تەعریفکردنی ئەو منە جۆرێکە لە مەحاڵ.

ئەوە تەنها منم ئاوا ئەنووسم، ئاوا باسی خۆم ئەکەم، بەم چەشنە دنیا ئەبینم و ئاواش عەزاب ئەچێژم و باسی تەنهایی و تەنییای منی خۆم ئەکەم، ئەکرێت سیفاتەکانی ئەو منە لە منەکانی تریشدا هەبن، یان منەکانی تر لەڕێی ناسینی بەشێک لەو منەوە، منەکانی خۆیان بناسنەوە و بزانن لە کوێی دنیا و ژیاندا وەستاون. بەڵام هەرگیز هیچ کام لەو منانەی تر ناتوانن ببن بە منی شاعیر. تەنها لەو کاتانەدا نەبێت کە منی شیعریی تەواو تەسلیمی پەیامێکی دیاریکراو و نەخشەبۆکیشراو ئەبێت.

شاعیر کە باس لە من ئەکات، باس لە منی تەنهایی ناو ژیان و دنیا ئەکات، باس لەو منە ئەکات لە دەرەوەی منەکانی ترەوەن و ماڵیان لە ناو "ئێمە"دایە، ئێمە وەک ڕاناو و وەک شێوازی ژیانی کلتوریی و کۆمەڵایەتی و سیاسی. منی شاعیر لێرەدا منێکی تەواو تەنیایە، بەدەگمەن ئەتوانێت لەگەڵ منەکانی تردا پەیوەندییەکی هەمیشەیی و پێکەوەیی ببەستێت، هەمیشە لەناو مەملەکەتە خەیاڵیی و زمانەوانییەکەی خۆیدایە و بەپێچەوانەی ڕێگاو ڕەوتی هەمووانەوە ئەڕوات.

من کە ئێستا ئەم شیعرە ئەنووسم، تەنها هێما نییە بۆ ڕاناوێک بۆ ئەوەی بناسرێتەوە کە ئەو منە "هیوا قادر"ە، ئەم منە زۆر سەرابی و نەدیدەیە و ناچیتە ناو یاسا ڕێزمانییەکانەوە، ئەوەندەی لە ناو یاسایەکی بزێوی مانا و وێنە و گەڕاندایە بۆ خۆی، هێندە لە ناو یاسایەکی پێناسەکردنی سنووردارادا نییە:

ئەی مانگ من کوڕی تۆم؛

من کوڕی بە تەنها جێماوی تۆم

له سەر زەوی.

ئەم منەی من، سەرەتا هێمایە بۆ کەسێک، ڕاناوێکی تاک، بەڵام لە پشتی وێنە ڕێزمانییەکەوە، هێمایە بۆ منێکی شیعریی، کەتەنها وێنەی کەسێک نییە، بەڵکە وێنەی خەونێک، ئازارێک، خەیاڵێکە. تیگەیشتن لەم منە شیعرییە، ئەبێت لە ڕێی تێگەیشتن بێت لە ماناکانی فەردانیەت و تەنهایی شاعیر خۆیەوە. تیگەیشتن لە "من" لە زمانی کوردیدا، هەڵگری کەمێک ئیشکالیەتە، چونکە ئەم زمانە هێندەی لە فەلەکی کۆمەڵگەیەکی جوتیاریدا ئەخولێتەوە، هێندە لە فەلەکی فیکر و ڕۆشنبیریی و تێگەیشتن لە فەردانیەتدا ناخولێتەوە، بۆیە زۆرجاران، ئەو منە سەرابییە لەناو ئەو منانەی تردا ون ئەبێت و نابینرێت، کە تەنها هێمان بۆ ڕاناوی تاک، یاخود هێمان بۆ ژمارەی منەکان لە ناو کۆیەکدا کە لە سنوری "ئێمە" دەرناچێت، هەم وەک ئێمەی مانا و هەم وەک ئێمەی کلتور و پەیام، نەک هێما بۆ فەردانیەتی شیعریی. بۆیە پێموایە سەرەتای مەنفای شاعیری کورد لە زمانەکەیەوە دەستپێدەکات کە زۆر ئازاراویی و تولانییە.